

# پیلانی باوکێکی بێویژدان لە پێناوی پارەدا

## ڕۆژی ڕووداوەکە

شوێن سەیرانگەیەکی خۆشی دەرەوەی شارە و (ئازاد) و (جەمیل)ی هاوڕێی منداڵی هەردوولا بە خاو و خێزانیانەوە بڕیاریان داوە گەشتێك بۆ هاوینە هەواریێ بکەن کە زۆر لە شارەوە دوور نەبێت. بەڵام ڕووداوێك ڕوودەدات چارەنووسی ئەم گەشتە بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبات و تووشی کێشەیەك دەبن کە دەستی ئەمانی تێدا نییە. جا بابزانین ئەو ڕووداوە چی بوو، پاشان چارەنووسی ئەم سەفەرە و کەسەکان بەچی دەگات. لێ، بەڕای من وا باشترە بۆخۆم ئەم ڕووداوە نەگێڕمەوە، بەڵکو یەکێك بێت کە لەناو ڕووداوەکە بووبێت و ئاگای لە هەموو شتێك بێت. کەسایەتییەکی سەرەکی کە لەناو ئەم ڕووداوەدا بووە، جگە لەو کەسەی کە ڕووداوەکەی لە دەست قەوماوە (جەمیل)ە. (جەمیل) کە یارویاوەری (ئازاد) بوو بەخۆی لەناو ڕووداوەکەدا بوو. ئەو بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ڕۆژێك من و (ئازاد) کە برادەری منداڵیمە، بڕیارمان دا ڕۆژێکی هەینی هەردوولا پێکەوە بە خێزانەوە گەشتێك بکەین. ئەوەبوو سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی خۆمان ساز کرد و لە شار دەرچووین و لە سەیرانگەیەك لاماندا و چادرێکی سەفەریمان پێبوو، لە شوێنێکی گونجاو هەڵماندا. تا نیوەڕۆ بە قسەی خۆش و شتی دیکە کاتمان بەسەر برد و دواتر نانی نیوەڕۆمان خوارد. دوای نیوەڕۆیەکەی کە دنیا تۆزێك فێنك بوو (ئازاد) بە خانەوادەکەی وت: با هەستین بڕۆین و شوێنی دانیشتنەکەمان بگۆڕین و بە ئۆتۆمبێل تۆزێك بەم ناوچەیەی دەورووبەریش بگەڕێین، لای ئەو چەمەی سەرەوە زۆر خۆشە لەوێ چادرەکە هەڵدەدەین و نانی ئێوارەشی تێدا دەخۆین. ئەوانیش وتیان: وەڵڵا ئێرە خۆشە و ئێمە بەجێی ناهێڵین، ئێوە بۆخۆتان بە جووتە بڕۆن. باشە، وتمان ئێمە بۆ خۆمان دەڕۆین و تا درەنگیش نایەینەوە. من و (ئازاد) ڕۆیشتین و وەردە وردە و بە ئۆتۆمبێل دەڕۆیشتین و خەریکی قسە بووین. گەیشتینە شوێنێك هەندێ منداڵ تۆپ تۆپێنیان تێدا دەکرد و هەر هێندەمانزانی تۆپێك بە جامی ئۆتۆمبێلەکەمان کەوت و منداڵێکیش وەکو هەورە تریشقە بۆ تۆپەکە دەرپەڕی و پێیەکی خلیسکی برد و کەوتە ژێر ئۆتۆمبێلەکەمان. من هاوارم کرد کوڕە (ئازاد) ڕایگرە ئەو منداڵەت کوشت. (ئازاد) دەمودوست زیرەی لە ستۆپی ئۆتۆمبێلەکەی هێنا و ڕایگرت. من و (ئازاد) وەکو برووسکە خۆمان تێهەڵدا خوارەوە و بۆ منداڵەکە چووین و هەڵمان گرتەوە. خوا ڕەحمی کردبوو منداڵەکە هیچی لێنەهاتبوو، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لا ڕوومەتێکی تۆزێك داماڵابوو، باسکی چەپەشی تۆزێك داڕووشابوو. خەڵکە و ئەوانەی لەوێ بوون کۆبوونەوە لەسەری و هەر کەسەو تەماشایەکی دەکرد و دەیوت: چ نەبووە، چ نەبووە. منداڵەکە هیچی لێنەهاتووە. ئەوەبوو وتمان کێ کەسوکاری ئەو منداڵەیە، لەو پرسیارە دابووین کە باوکی منداڵەکە گەیشتە سەرمان و تەماشایەکی کرد و وتی: هیچی نییە کاکە ئێوە بڕۆن. (ئازاد) وتی: چۆن دەڕۆم، دەبێ بیبەمە نەخۆشخانە و دڵنیا بم لێی ئەوجا دەتدەمەوە. باوکی منداڵەکە هەرچەندی وتی بابە هیچی نییە و ئەو ئەزیەتەی ناوێ، ئێمە ڕازی نەبووین، بەهەرحاڵ باوکی و منداڵەکەمان سواری ئۆتۆمبێل کرد و ئاگاداری یەك دوو خزممان کردەوە و (ئازاد) تەلەفۆنی بۆ برایەکی کرد کە بە ئۆتۆمبێلی خۆی ژن و منداڵەکانمان ببەنەوە و ناونیشانی شوێنەکەمان بە وردی دانی و ئەوان خەریکی گەڕاندنەوەی خاو و خێزانەکان بوون و ئێمەش چووینە نەخۆشخانە و منداڵەکەمان بردە قاوشی فریاکەوتن. دوای ئەوەی پزیشکەکان پشکنینێکی منداڵەکەیان کرد و وتیان: کاکە ئەو منداڵە هیچی نییە و ساغ و سەلامەتە. بڕۆن بیبەنەوە. ڕاپۆرتی پزیشکیان داینێ و لە نەخۆشخانە هاتینە دەرەوە. تەلەفۆنی خۆمان بە باوکی منداڵەکە دا و وتمان: هەر کاتێ ئیشت بە ئێمە بوو تەلەفۆنمان بۆ بکە و ئێمە لە خزمەتت دەبین و چیشت پێویست بوو بۆ منداڵەکە بەسەرچاوان بۆتی جێبەجێ دەکەین؟ ئیتر بە خۆو بە ڕاپۆرتی پزیشکییەوە ڕۆیشتینەوە ماڵ.

## ئەنجامدانی تاوانێکی قێزەون

(جەمیل) لە سەر قسەکانی خۆی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: کە چووینەوە بە ئاسوودەییەوە گەڕاینەوە ماڵ، چونکە دڵنیا بووین لەوەی کە لەو ڕووداوەدا هیچ شتێکی وەها ڕووینەدا ببێتە مایەی نیگەرانیمان. بەڵام ڕۆژی دواتر (ئازاد) تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: (جەمیل) برام وەرە بە زووترین کات بگە لام. وتم چی بووە، خێرە وا شڵەژاوی؟ وتی: کاکە باوکی منداڵەکە تەلەفۆنی بۆ کردووم و دەڵێ منداڵەکە



مــــردووه!! منیش وتم: باشـــه ئاخر ئەو هیچی نەبوو، پزیشك وتی بیبەنەوە سەلامەتە کێڕا و چ زوو مرد، خۆ لە نەخۆشخانە راپۆرتی پزیشکیان پێداین. (جەمیل) وتی: ئێ کاکە راستە بەخودا منیش وامپێوت. دەڵـــێ: نەخێر وەڵڵا مردووە و مردووە. وەرە ســـەر قەبران وا بەڕێوەین بیبەینە ســـەر قەبران و خەریکی ناشـــتنین. منیش وتم باشە سەبرم لێبگرە وا دێم، ئێستاش تەلەفۆنم بۆ تۆ کرد و نازانم چی بکەم. وتم کاکە راوەســـتە جارێ مەچوو، من برادەرێکـــی پارێزەرم هەیە با پرس و رایەك بـــەو بکەم با بزانم ئەو چیمان پێدەڵێ و چ رێیەکمان بۆ دادەنێ. وتی: باشـــە، وا باشـــترە هەر لەگەڵی رێکبکەوی و بیکەیتە پارێزەری خۆمان و ئەو کێشەکەمان بۆ چارەسەر بکات. ئەوەبوو منیـــش تەلەفۆنم بۆ پارێزەرەکە کرد و مەسەلەکەم بە وردی تێگەیاند و لەگەڵی رێککەوتـــم کـــە بێتە ناو کێشـــەکە. ئەو وتی: جارێ با (ئازاد) پێیان بڵێ: رازی نیم بە هیچ شـــێوەیەك تەرمی منداڵەکە بنێژن. بەهەرحاڵ منیش بە (ئازاد)م وت کە چییان پێبڵێ. ئەوەبوو باوکی منداڵەکە وتبووی: مامۆستا لەسەر ئێوە راناوەســـتێ و کاری خۆی هـــەر دەکات دوای چەنـــد خولەکێکی تر منداڵەکە دەنێژێ و دوعا و نزای لەســـەر دەخوێنێ. ئەوجا ســـەیر لەوەدا بوو کە بە ناوی مامۆســـتاش هەندێ قســـەی شـــەرعی کرد و کە دەشـــمزانی ئەوانە قسەی خۆیەتی نەك هی مامۆســـتا، بەڵام چ بکەین ئەوە ئەو قســـانە دەکات، ئیتر چەندی هەوڵمان لەگەڵی دا ســـوودی نەبوو. ناچـــار بووین بەو حاڵەوە من و (ئازاد) و پارێزەرەکە چووینە سەر قەبران. کە گەیشـــتینە ئەوێ رێورەسمی ناشتن خەریکی تەواو بوون بوو، خەڵکەکە لەسەر قەبری منداڵەکە راوەستابوون و دووعایان دەکرد. چووینە لای باوکی منداڵەکە و پرسیاری مردنەکەیمان لێیکرد، ئەویش یەکسەر بێسێ و دوو وتی: ئێ دیارە بـــە هۆی ئۆتۆمبێـــل لێدانەکەیەوە مرد. کاری لە هەناوی کردبوو بۆیە بە رواڵەت پێوەی دیار نەبوو، ئەگەرنـــا بۆ دەمرد. چەندی پێمان وت: ئاخر کاکی برا ئێمە منداڵەکەتمان بە ساغ و سەلامەتی دایەوە دەست تۆ. چۆن بوو وا زوو لە کتوپڕی مرد و بە مل ئێمەی دادەی؟ وتی: من چووزانم چـــۆن وا بە کتوپڕی مرد، قابیلە من علمی غەیبم پێبێت، ئـــەوە کاری خودایە، کو مرد ئەوها مرد. لەســـەرینی ئێوەوە مردووە و من لە ئێوەی دەزانم. پارێزەرەکەمان وتی: باشـــە پێتیان نەوت مەینێژە، بۆچی ناشتت؟ وتی: جا بۆ بە قســـەی ئێوە دەکەم منداڵی خۆمە و خۆم بڕیاردەدەم بینێژین یان نە. وتمان: باشـــە مادام وایە ئێمـــە دەچینە بنکـــەی پۆلیس و خۆمان رادەســـتی پۆلیس دەکەین و دەڵێین رووداوێکی ئەوها روویداوە. وتی: نا مەچوونە لای پۆلیس ئێمە لە نێو خۆماندا کێشەکە چارەسەر دەکەین، بە پۆلیس بێ ســـاڵێکی تریش پێی چارەســـەر نابێ، پۆلیس چی بۆ من دەکات، با ئێمە لەناو خۆمان پێکبێین. وتمان لەســـەر چی پێکبێین؟ وتـــی ئێوە پێنج دەفتـــەر دۆلار بدەنە من ئیدی منیش لێتان خۆش دەبم. تێگەیشـــتین مەسەلە چییە و کابرا مەبەســـتی چییە. بۆیە (ئازاد) وتی: برام من دەچم خۆم تەسلیمی پۆلیس دەکەم و تۆش بە یاسا چ مافێکت لەسەر من هەیە وەرە لێمی وەربگرە. هەندی وتی: پۆلیســـی ناوێ و با حوکمەت تێنەگات و واباشترە لەنێو خۆماندا پێکبێین، ئەگەرنا من لێتان خۆش نابم و دوایی ئەوەی بەســـەرتان بێت خۆتان لێی بەرپرسیارن، گوێمان پێنەدا. یەکســـەر چووینە پۆلیسخانە و وتمان شـــتێکی وا هەیە، راپۆرتی پزیشکیشمان لەگەڵ خۆمان بردبـــوو. ئەوە بوو دوای ئەوەی لە پۆلیســـخانە سەبارەت بە کێشەکە کۆنووسیان بۆ کردینەوە مـــن و (ئازاد)یان بردە لای دادوەر و ئەویش بـــەوردی گوێی لێگرتین. بڕیاری دا باوکی منداڵەکە دەســـتگیر بکرێت و پاشانیش گـــۆڕی منداڵەکە هەڵدرێتەوە بـــۆوەی ببرێتە دادپزیشکی و تەرمەکەی توێکاری بکرێت.

ئەوە بوو هەر ئـــەو رۆژی باوکی منداڵەکە دەستگیرکرا و بۆ بەیانی رێککارییە یاساییەکان جێبەجێ کرا و دوای چەند رۆژێك کە خەریکی ئەنجامدانی بڕیارەکانی دادوەر بوون. دەرکەوت منداڵەکە بە رووداوەکە نەمردووە، بەڵکو تاوانی بەرامبەر کراوە. ئیتر ئاراســـتەی لێکۆڵینەوەکە گۆڕا و دەرکەوت باوکی منداڵەکە لە تەماحی ئەوەی بڕە پارەیەکی دەستبکەوێت، منداڵەکەی خۆی کوشـــتووە و هەوڵیداوە بـــە ملی ئێمەیدا بێنێ؟؟ بەمجۆرە ئەو کێشەیەی کە کابرایەکی تەماحـــکاری بێویژدان بۆی دروســـتکردین بە یارمەتـــی دادگا و پۆلیس لـــە کۆڵمان بۆوە و پەندێکمـــان لێیوەرگرت کە ئەوەبوو: لەهەر زوڵم و زۆرداریـیـــەك کە لێتدەکرێت تەنیا و تەنیا پەنا بۆ دادگا ببە، چونکە یاســـا رێگە نادات کەس مافی کەس لە خۆڕایی و بە زۆردارەکی بخوات و کەسیش ناتوانێ دەستدرێژیت بکاتە سەر.



پێکەوە ژیانی دوو کەس لەچوارچێوەی خێزانێکدا پێویستی بە ڕێز و خۆشەویستی هەردوولا هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم خۆشەویستییە یەك لایەنە بێت و هاوسەرەکەی دیکە بەو شێوەیە نەبێت دەشێ ئاکامی ئەمەش خێزان بەرەو چەندین گرفت و ناخۆشی ببات. وابووە نەك خۆشەویستی، بەڵکو هۆکاری تر ببنە هۆی بڕیاری پێکەوە ژیانی هاوسەری، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دروست نییە بەبیانووی ئەوەی گوایە یەکێ لە هاوسەرەکان، چونکە ئاگای لە هاوسەرەکەی تر وەك پێویست نییە ئەویتر ناپاکی لەگەڵدا بکات.

تریفە، یەکێکە لەو نموونانەی بۆتە قوربانی خۆشەویستیەك لەدەرەوەی خێزانەکەی خۆی، بەڵام کاتێك پەشیمان بۆتەوە ئەو کاتە هەموو شتێکی لە دەستداوە..

# پەشیمان بوونەوەم لە ناپاکی دادی نەدام

تریفە دەڵێت: ئەو ڕۆژەی بریارمدا لەگەڵ ئومێددا زەماوەند بکەم، بەلامەوە ڕۆژێکی زۆر خۆش نەبوو، لەناخەوە پێم خۆش نەبوو ئەو مەسەلەیە سەربگرێت، بەڵام هەندێك هۆکار پاڵی پێوەنام وەك باشی لایەنی ماددی و دەوڵەمەندی و ڕەوشت بەرزی (ئومێد). لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس پێیدەوتم ئاخر تۆ زۆر جیاوازتری لە (ئومێد) چۆن شووت پێکردووە..؟ بەڕاستی گوێم لەو قسانە نەدەگرت، بۆیە بڕیاری خۆمدا و خێزانی خۆمانمان پێکەوەنا.

(ئومێد) لەرووی بڕوانامە و خوێندن و جوانیشەوە وەك من نەبوو. ئەو بەردەوام سەرقاڵی کارکردن بوو، جاری وا هەبوو رێدەکەوت کە بۆ کاری بازرگانی بچێتە دەرەوەی وڵات و چەند هەفتەیەکی پێدەچوو، تا دەگەڕایەوە زۆر بێتاقەتی دەکردم. ڕاستە نەیدەهێشت لەرووی ماددییەوە پێویستم بەهیچ کەس هەبێت، بەڵام لەرووی سۆز و خۆشەویستییەوە هەستم بە بۆشاییەکی گەورە دەکرد.

ئەم هەستە ڕۆژ بەرۆژ زیاتر و گەورەتر دەبوو، کەمتەرخەمی (ئومێد) لەوەدابوو پێینەدەوتم تۆش وەرە باجارێك سەفەر بکەین، بەجێهێشتنەکەی هەر بەردەوام بوو. بێگومان ئەوە دەزانین هەریەك لەئێمە پێویستی بەو سۆزە هەیە کە لەنێوان ژن و پیاودا هەیە، من پێشمدەوت پارە هەموو شتێك نییە، منیش مرۆڤم و پێویستم بە سۆز و حەنانە، کەچی ئەو گرنگی بەم لایەنە ڕۆحییەی من نەدەدا و کاری خۆی دەکرد.

(ئومێد) دەیوست بەکڕینی ئۆتۆمبێلێك ئەو سۆزەم پێببەخشێت، ماوەی دوو هەفتەیەك بوو ڕۆیشتبوو، کە گەڕایەوە پێیوتم ئۆتۆمبێلێکت بۆ دەکرم، بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا چوو ئۆتۆمبێلێکی بۆهێنامەماڵەوە، پێیوتم تریفە هەرچییەکت ویست بۆ ئۆتۆمبێلەکەت (شێروان) هاوڕێمە کوڕێکی باشە، ژمارە مۆبایلی (شێروان) وەربگرە، ئەو هەموو شتێکت بۆ مەیسەر دەکات. ئیدی ئەوە بوو من و (شێروان)، هەردووکمان ژمارە مۆبایلمان گۆڕییەوە.

**ئەو شەوەی کە (شێروان) تەلەفۆنی بۆ کردم**

شەوێك زەنگێکم بۆ هات بینییم (شێروان)ە، وەڵامم دایەوە، بەڵام ئەو هیچ قسەی نەکرد، دووبارە زەنگێکی تری کردەوە بەهەمان شێوە قسەی نەکرد، ویستم بە (ئومێد)ی هاوسەرم بڵێم دوایی بیرم کردەوە ئەگەر ئیشی بە (ئومێد) هەبوایە تەلەفۆنی بۆ خۆی دەکرد نەك بۆ مۆبایلەکەی من.

چەند ڕۆژێك تێپەڕی تەلەفۆنی نەکرد. ڕۆژێك دووبارە چەند زەنگێکی لێدایەوە و قسەی نەکرد، منیش خۆم تەلەفۆنم بۆ کردەوە دوای ئەحواڵ پرسین وتم بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ تەنیا ئەوەندەی وت: لەو ڕۆژەی کە هاتوومەتە ماڵتان زۆر سەرنجت ڕاکێشاوم، ئەگەر دەکرێت ڕۆژێك پێکەوە قسە بکەین. ئەم قسەیەی زۆر سەیر بوو لام، چونکە ئەو ئەوەندە نەمابوو تا سەرسامی من بێت.

ئەو مەلەسەیەم پشتگوێ خست، پاش چەند ڕۆژێکی دیکە دووبارە تەلەفۆنی کردەوە وتی: حەز دەکەم قسە بکەین. وتم: باشە گوێم لێتە بزانم چی دەڵێیت.(شێروان) کەوتە قسەکردن و باسی خۆشەویستی بۆ دەکردم. پێموت تۆ بۆچی ئەم باسانە لای من دەکەیتەوە من شووم کردووە؟ کەچی ئەو زۆر ئاسایی بوو بەلایەوە، بەڵام هەرچۆنێ بێت خۆشەویستی خۆی زۆر بۆ دەردەخستم، هەستم دەکرد ئەوسۆزەی مێردەکەم پێم نادات ئەم دەتوانێت پێمیبدات.

ئیتر لەمەوە ڕۆژانە نامەیەك یاخود زەنگێکی بۆ دەکردم بۆ هەواڵ پرسین تا وردە وردە زۆر شتی کەسێتی خۆمانمان بۆ یەك باس دەکرد. ئینجا داوای چوونە دەرەوەی لێمکرد، منیش قبوولم کرد. بەمجۆرە ڕۆژێك چووینە دەرەوە، تەنانەت ئەو ڕۆژەی کە چووینە دەرەوە مێردەکەم لەماڵ بوو. چووینە دەرەوە تا ئێوارەیەکی



درەنگ، لەمەوە تەواو هەست و سۆزمی بەلای خۆیدا راکێشا، واملێهات ئەگەر مێردەکەم بەمانگ نەهاتایەتەوە ماڵەوە بەلامەوە ئاسایی بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو قسە و تەلەفۆنانە هیچ پێوەندییەکی (جنسی) لەنێوانماندا رووی نەدا، چونکە بەهیچ جۆرێك هیچ کاممان ئەو شتەمان نەدەویست.

رۆژێك کە چووبووینە دەرەوە (شێروان) پێیوتم: (تریفە) پێشنیارێك بکەم رات چۆن دەبێت؟ ئەگەر تۆ بەپارە یارمەتی من بدەیت و بچمە هاندەران و تۆش ئەو کاتەی من دەرچووم داوای جیابوونەوە لەمێردەکەت بکەیت؟ منیش زۆر شێتانە و هەردەمودەست وەڵامیم دایەوە و بریارمدا و وتم: ئەی بۆنا چاوەڕێی قسەیەکی وابووم، بەهەموو شێوەیەك یارمەتیت ئەدەم.

## ئاشکرابوونی پێوەندییەکە

(شێروان) کە تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: (تریفە) پارەکەت بۆ پەیدا کردووم؟ بەڵام من هێشتا هیچم بۆ نەکردبوو، چونکە ئەو برە پارەیەی داوای دەکرد زۆر بوو نەمدەتوانی بۆی ئامادە بکەم. بۆیە وتم جارێ ئامادەم نەکردووە سەبرێکم لێبگرە یەك دوو رۆژێك، وتی باشە. رۆژێك دواتر بەمێردەکەمم وت: برێك پارەم پێویستە دەمدەیتێ؟ وتی چەندت دەوێ؟ وتم نزیکەی (١٠) ملیۆنێك بێت دەمەوێت ئۆتۆمبێلەکەم بگۆڕم، بەراستی (ئومێد)یش یەکسەر رازی بوو و زۆر دڵپاکانە پارەکەی پێدام. کە پارەکەمم هاتە دەست دەستبەجێ تەلەفۆنم بۆ (شێروان) کردو پێموت پارەکەمم بۆت ئامادە کردووە و لەدەرفەتێکدا وەرە بیبە.

بۆ رۆژی دوایی کە (شێروان) هاتە ماڵەوە پارەکە بەرێت (ئومێد) لەماڵ نەبوو، بەڵام لەکاتی رۆیشتنیدا هاتەوە. وتی: (شێروان) خێرە هاتوویتە ئێرە؟ لەوەڵامدا وتی: وەڵڵا هاتووم ئۆتۆمبێلەکەی تریفە بەرم.

(ئومێد) بەلایەوە سەیر بوو، چونکە من پێموتبوو براکەم بۆم دەگۆڕێت. نەمزانی چی بڵێم. بۆئەوەی ئەو گومانەی نەمێنێت. شەو تەلەفۆنم بۆ (شێروان) کرد و پێموت: مێردەکەم گومانێکی کردووە لەبەرئەوەی من درۆم لەگەڵ کرد وریابە. هەر لەوکاتەی تەلەفۆنم بۆ کرد نەمزانی کە (ئومێد) لە پشت دەرگاوە گوێی لە قسەکانمە چی دەڵێم، بۆیە یەکسەر بە تووڕەییەوە مۆبایلەکەی لێوەرگرتم و هەندێ شەقیشی لێدام. ئیتر لەمەوە پێوەندی من و (ئومێد) زۆر خراپ بوو، رۆژانە کێشەو ناخۆشیمان هەبوو، هەستمدەکرد دڵی لە رق و کینە گومان لێم پاك نابێتەوە. تا وایلێهات وتی: تەڵاقت دەدەم، لەگەڵ ئەوەی پێشتر پێم خۆش بوو جیاببمەوە، بەڵام لەوکاتەدا نەمدەویست، چونکە هەرئەوەندە (شێروان)م بینیەوە کە هات بۆ ماڵمان و پارەکەی برد، ئیتر لەوە بەدوا تەنیا یەکجارنەبێت بەمۆبایل قسەم لەگەڵیدا کرد وتی: لەبەر (ئومێد) تەلەفۆنم بۆ نەکردویت و مۆبایلەکەشم دەکوژێنمەوە، ئیتر ئەمە دوا قسەم بوو لەگەڵ (شێروان)دا کردم و ئێستاشی لەگەڵ دابێت نازانم چی بەسەر هات ئایاسەفەری کردووە یان هەر لێرە ماوەتەوە.

هەڵەی من ئەوە بوو زۆر زوو متمانەم پێکرد و بێ هۆیەکی گرنگیش ناپاکیم لە مێردەکەم کرد و ماڵی خۆم بۆ ئەو تێکدا، کەچی ئەویش بەوشێوەیە پاداشتی دامەوە و بێباکانە خۆی لێم ون کرد و فریوی دام و دەستی بریم. راستییەکەی منیش زۆر هەڵبار و ساویلکە و نەزان و کەمتەرخەم بووم، بۆیەکە زوو باجی هەڵەی خۆمم وەرگرت. (ئومێد) تەڵاقی دام و لێکجیابووینەوە. تا ماوەیەکیش بەوە دڵی خۆمم دەدایەوە دەمووت: لەوانەیە (شێروان) رۆژێك بێت هەر بگەڕێتەوە، چونکە زۆری خۆشدەویستم. بەڵام رۆژان هات و رۆژان رۆیی کەچی نە (شێروان)م بینیەوە و نە دەنگوباسیشی ما. ئیتر با ئەوە بۆ کەسانی وەك من و هی دیکەش ببێتە پەند و عیبرەت کە باجی خیانەت کردن لە ماڵ و مێرد قورسە.

## ئافرەتان و...

# بەربەستەکانی بەردەم دروستبوونی کەسایەت

ئامادەکردنی: دیارسالار

کەسایەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دروستکردن و دارشتنی بەرنامەی ژیانی هەموو تاکێکدا لەگشت بوارەکان و قۆناغەکانی ژیانیدا، چونکە هەموو کەسێك هەرچەند تەمەنی هەبێت و خاوەنی هەر بڕوانامەیەك بێت و هەر کار و پیشەیەکی هەبێت، ئەو دەبێت خاوەنی کەسایەتیەکی سەربەخۆی بێت، ئافرەتیش وەك هەموو بوونەوەرە زیندووەکانی سەر ئەم زەمینە پێویستی بەوە هەیە کە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام ئایە پیاوانی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان ئارەزوو دەکەن ببنە هاوسەری چ جۆرە ئافرەتێك، ئایە حەزدەکەن هاوسەرەکەیان کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبێت یان حەزدەکەن هاوسەرەکەیان تەنیا جێبەجێکاری بڕیاری ڕۆژانەی ئەوان بێت و خاوەنی هیچ جۆرە بڕیارێك نەبێت، ئایە هیچ پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی ڕازی دەبێت کە ژنەکەی لەجیاتی ئەو بڕیار بدات یان ڕازی نابێت.

بێگومان ئافرەتان لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی وەها ناسراون ئەگەر خاوەنی هەرجۆرە کەسایەتییەك بن، دەبێت جۆرە شەرمنییەك ڕەفتاری ڕۆژانەیان پەردەپۆش بکات و لە کردار و بڕیارەکانیادا بگەڕێنەوە بۆ لای باوك و براکانیان و مێردەکانیان، ئەمەقسەی خاتوو هانا ئەحمەدە کە فەرمانبەرە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە پیاوان لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا و زۆربەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست باوەڕێکی نەریتیان هەیە کەنابێت ئافرەتەکەیان خاوەنی کەسایەتیەکی بەرز بێت، بەڵکو دەبێت وەك سێبەری مێردەکەی وەها بێت تەنیا جێبەجێکاری ئەو فەرمانانە بێت کەمێردەکەی پێی دەڵێت و نەتوانێت لەهیچ جۆرە شتێکدا خاوەن بڕیار بێت با ئەو کارە پێوەندی بە ژیانی تایبەتی ژنەکەشەوە هەبێت.

گوێڕایەڵی ئافرەت بۆمێردەکەی دەرگای بەختەوەری خێزانە، ئەمە باوەڕی کاك ئەیوب حەسەن بوو کە دوکاندارە لەبازاڕی نیشتیمان، لەبەر ئەوەی ناوبراو وای دەبینی ئەگەر ئافرەت بەقسەی مێردەکەی نەکرد خێزانەکەیان دەشڵەژێت و نائارامی باڵی بەسەردا دەکێشێت، لەبەر ئەوەی کە پیاوان هەمیشە ئارەزوو دەکەن کە ژنەکانیان لەهەموو بڕیارێك بگەڕێنەوە بۆ ئەوان، واتە ژنەکان تەنیا جێبەجێکاری فەرمانەکانی مێردەکانیان بن و قسەی سەربەخۆیان نەبێت. ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیشیدا وتی: ئەو ئەگەر ژنەکەی بەقسەی نەکات، ئەوا یەکسەر کێشە دروست دەبێت لەنێوانیاندا و ڕەنگە توندوتیژیشی لێبکەوێتەوە.

ئافرەت ئەوەندە جوانە تا ناسکی خۆی بپارێزێت و قسە لەقسەی مێردەکەیدا نەکات و لەهیچ کارێکدا بڕیار نەدات، ئەمەباوەڕی کاك هاوڕێ بوو کەشۆ فێری تەکسی کوردستانە، ناوبراو تەئکیدی دەکردەوە کە نابێت ژن بتوانێت لەکار و بارەکانی ناوماڵدا بڕیار بدات، بەڵکو دەبێت بەردەوام هەوڵبدا کە گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت بەهەموو جۆرێك لەجۆرەکان و هەوڵی ئەوەندەدات کەڕۆژێك لەڕۆژان قسە لەکاروباری مێردەکەی و تەنانەت خۆشی بکات، بەڵکو دەبێت تەنیا وەك جێبەجێکاری ناوماڵ کاربکات و ئەگەر ژنێك ویستی لەم لایەنە لابدات، ئەوا جوانی و ناسکی خۆی لەدەستداوە وەك پیاوێکی لێهاتووە، چونکە پیاوان خاوەنی کەسایەتی بەهێزترن لەژنان، بۆیە دەبێت تەنیا پیاوان کەسایەتی بەهێزیان هەبێت و ئەگەر ژن ویستی وەك مێردەکەی ببێتە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز ئەوا مەرگەساتە.

ئەگەر ژنەکەم گوێڕایەڵی فەرمانەکانم نەبێت، یەکسەر تەڵاقی دەدەم. ئەمە باوەڕی عەبدوسەلام عەلی بوو کە دوکانداری ماکیاژ فرۆشتنی ئافرەتان بوو لەبازاڕی لەنگە، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ژنەکەی خۆی لەماڵەوە داناوە و ناهێڵێت هیچ جۆرە بڕیارێك بدات و ژنەکەشی زۆر گوێڕایەڵە بۆ ئەم، ئەگەر گوێڕایەڵ نەبێت بۆ فەرمانەکانی یەکسەر تەڵاقی دەدات و دەینێرێتەوە ماڵی باوکی، لەبەر ئەوەی کە نابێت ژنان هیچ جۆرە ئازادییەکی ڕادەربڕینیان هەبێت و دەبێت بە پرسی مێردەکانیان پچنە دەرەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ژنان بواریان بۆ بڕەخسێت، ئەوا کاری هەڵە دەکەن.

پیاوان ژنێکیان ناوێت بتوانێت ڕاستیەکانیان پێبڵێت. ئەمە باوەڕی خاتوو هەنار عەبدولڕەحمان بوو کە فەرمانبەرە، ناوبراو وای دەبینی کە تائێستا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پیاوان ژنێکیان ناوێت خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بێت، بەڵکو دەیانەوێت ئەو ژنە وەك سێبەری ئەوان وەها بێت و نەتوانێت لەهیچ جۆرە هەنگاوێکی ژیانیاندا تۆزقاڵێك هەڵوێستی هەبێت.

پیاوی کورد حەزدەکات ژنەکەی وەك کۆیلە وەهابێت. ئەمە باوەڕی خاتوو ڤیان ئەحمەدە کە مامۆستای بنەڕەتییە، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا ئەو چونکە چەند جارێك هەوڵیداوە لەژیانی هاوسەریدا بڕیار بدات و نەبێت بەکۆیلەی مێردەکەی و بتوانێت خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێز بێت، تووشی کێشە بووە لەگەڵ مێردەکەیدا تا لەئەنجامدا ژیانی بەرەو جیابوونەوە ڕۆیشتووە و تەڵاق دراوە، چونکە بەباوەڕی ئەو پیاوی کورد نایەنەوێت ژنەکانیان خاوەنی کەسایەتی بن، تەنیا دەیانەوێت خۆیان بڕیاردەربن و ژن وەك کۆیلەیەکی سپی وەهابێت.

